



# دانیشتووانەکانی ناو سەرمان

حسێن لەتیف
(دەربەندیخان)

**بەهاکان پێشتر خولقێنراون.....**
**(نیتشە)**

سەر، بەرزترین ئەندامی جەستەیە، دەسەڵاتی جووڵاندنی هەموو بەشەکانی تری جەستەی هەیە، هەموو بەشەکانی تری لەش لەژێر فەرمانی ویدان. سەر شوێنە، شوێنی بیرکردنەوە و هەڵگرتنی زانیاری و بەهاکانە. هیچ شوێنێک بۆ پاراستنی زانیاری و بەهاکان هێندەی سەر گرنگ نییە. سەر بەرپرسیارە لە هەموو ئەو شتانەی ئێمە دەیانڵێین و ئەنجامیان دەدەین. سەر سەرکردایەتییە، بیردەکاتەوە و ئاراستەمان دەکات بۆ وەرگێڕانی بیرکردنەوەکانی خۆی بۆ واقیع.

مرۆڤ هەبوویەکی سەربەخۆ و پەتی نییە، لە ئەوانی تر دابڕاو نییە، لە پێوەندیدایە لەگەڵ ئەوانی تر، لە ڕابوردوو دابڕاو نییە، بەڵکوو ئەوانی تر، ڕابوردوو؛ ئاراستەی دەکەن. بەو شێوەی لە ڕابوردوودایە و ئەوانی تر ئاراستەی دەکەن، دەچێتە ناو ئایندە و ئەوانی تریش ئاراستە دەکات، زمانحاڵی ڕابوردووشە و ئایندەش ئاراستە دەکات. مرۆڤ هێندەی ئەوانی ترە، خۆی نییە. خۆی کەناڵێکە بۆ ڕابوردوو، باب و باپیران لێیەوە خۆیان نمایش دەکەن، لە سەر سەکۆی ئایندەشدا ئەوانی تر نوێنەرایەتی بیر و بۆچوون و بەهاکانی دەکەن. مرۆڤ بوونەوەرێکی سروشتییە، کولتوور بۆ ڕێکخستنی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان دروست بووە، وەک پێداویستییەک. کولتوور نەک غەریزە و خووە سروشتییەکانی مرۆڤی کۆتایی پێ نەهێناوە، بەڵکوو سنوورداری کردوون و خستوونیەتییە ناو سیستەمەوە، کولتوور خەریکی بە سیستمکردنی غەریزە سروشتییەکانی مرۆڤە،

هەربۆیەشە مرۆڤایەتی چەندە لە دارستان دوورکەوتووەتەوە، بەڵام هەر وەک بوونەوەرێکی سروشتی دەژیت و خەریکی بە کولتوورکردنی کەڵکەڵە سروشتییەکانی خۆیەتی. گۆشت خواردن، نەریتێکی ژیانکوژییە، بەڵام مرۆڤ ئەوکاتەی پێی ناوەتە ناو کولتوورەوە، هەوڵی داوە بیانوو بۆ گۆشت خواردن بهێنێتەوە. زانست ڕەوایەتی بە گۆشت خواردن دەدات، بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستی، بەڵام بە بڕ، ئەمە لەکاتێکدا کە مرۆڤ دەتوانێت بەبێ گۆشت خواردنیش بژیت! بەڵام زانست گۆشت خواردن دەخاتە ناو کولتووری خواردنەوە. کولتوور نەیتوانیوە مرۆڤ لە بوونەوەرێکی سروشتییەوە بگۆڕێت بۆ شتێکی جیاوازتر و پێچەوانەتر، بەڵکوو سەروکاری لەگەڵ ڕێکخستن و بە سیستمکردنیدایە.

بەهەمان شێوەی خواردن، کوشتن دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵام کولتوور خەریکی ڕەوایەتیدان و بە سیستمکردنیەتی. کوشتن بە یاسا، کوشتن بە گوێرەی نەریت و حوکمی ئایین، ڕەوایەتی لە کولتوورەوە وەردەگرن و دەچنەوە ناو کولتوورەوە. بەو شێوەیەی مرۆڤ گۆشت دەخوات و بیانووی زانستی پزیشکی بۆ دەهێنێتەوە، مرۆڤیش دەکوژێت و بیانووی ئایینی و یاسایی و کولتووریی بۆ دەهێنێتەوە. هەردوو بیانووەکەش ڕەگیان لە ڕابوردوودایە؛ کەواتە ئێمە مردووەکان ئاراستەمان دەکەن.

«هاوارەکەت لە هەناوی تۆوە دەرناچێت، ئەوە تۆ نیت دەئاخڤیت... ئەوە باوباپیرانێکی بێشومارن لە ڕێی دەمی تۆوە دەدوێن.. تۆ ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆت دەرنابڕیت، بەڵکوو لە نێو دڵتەوە گوزارە لە خولیا و ئارەزووەکانی کەسانێکی بێشومار دەکەیت» (١).

ئەوەی کە ئێمە ئاراستە دەکات لە ڕواڵەتدا سەری خۆمانە، لە ناواخنیشدا دانیشتووانەکانی ناو سەرمانە. ئەوەی ئێمە ئاراستە دەکات مرۆڤگەلێکن لە ڕابوردوودان و شێوازی هەڵسوکەوتی ئێمەیان دیاری کردووە، جوانی و ناشیرینی، باش و خراپ، ڕاستی و درۆ، حەڵاڵ و حەرام، نیشتمانپەروەی و خیانەتکاری، لە ڕابوردوویەکی دووردا، سنوورەکانیان بۆ ئێمە دیاری کراوە. هیچ کات ئێمە سەربەخۆ نین لە کردار و گوفتارماندا، هەموو ئەو قسانەی دەیانکەین، هەموو ئەو کردەوانەی دەیاننوێنین، ڕەگیان لە ناو کولتووردایە، ئێمە درێژکراوە و دەرکەوتەی پێشینانی خۆمانین، ڤێرژنێکی نوێی باپیرانی خۆمانین، ئێمە هەر ئەوانین، بەڵام لە سەردەمێکی نوێدا، ئەوان لە ڕێگای ئێمەوە بە ناو سەردەمەکاندا گەشت دەکەن و خۆیان نمایش دەکەنەوە. ئێمە سەرمان هەیە، گەروومان هەیە، زمانمان هەیە، باپیران لە ناو سەرماندا دانیشتوون، هەر بۆیە ئەو هاوارەی دەیکەین، ئەو گۆرانییەی دەیڵێین، ئەو وشەیەی دەری دەبڕین، گۆرانی و هاواری ئەوانە، ئێمە بەتەنیا لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە خاوەنی سەر و زمان و گەرووین. نەوەکانی دواڕۆژیش بە هیچ جۆرێک خۆیان نین، بەڵکوو «ئەوان لە نێو دڵی تۆ و هەردوو گورچیلەتدا دەژین و چالاک و ئارەزوومەندن» (٢). ئێمە بەتەنیا کەناڵێکین باپیران لێمانەوە دەگەن بە نەوەکانی ئایندە و لەناو ئەوانیشدا دەردەکەونەوە و دەسەڵاتی خۆیان نیشان دەدەن. مانەوە لەناو کولتووردا جۆرێکە لە چارەنووس، چارەنووسێک هەر هەوڵێک بۆ گۆڕینی بە تراژیدیایەک کۆتایی دێت.

«بۆ هەر کوێ دەچیت و چی دادەهێنیت و لە

کام هـەوار نیشـتەجێ دەبیت، رووبـاری باوباپیـران دێـت پێیـدا تێدەپەڕیـت» (٣). هەمووممـان لەنـاو کولتـوور دایـن، هیـچ یەکێـک لـە ئێمـە لـە دەرەوەی کولتـوور ناژیت. هەمـوو هەڵسوکەوتێکی ئێمـە، کولتـوور لەپشـتییەوە وەسـتاوە، چونکـە کولتـوور تێڕوانینـی ئێمـە بـۆ ژیـان دیـاری دەکات، هەڵسوکەوتیشـمان ڕەنگدانـەوەی تێڕوانینەکانمانـە بـۆ ژیـان. لەگـەڵ ئەوەشـدا کولتـوور دەریایەکـی بەسـتوو نییـە، بەڵکـوو هەمیشـە لـە جووڵەدایـە، بـەڵام هەمـوو جووڵەیەکیـش پێویسـتی بـە هێزێـک هەیـە. وەک چـۆن شـەپۆلەکانی دەریـا لەخـۆوە دروسـت نابـن، بەهەمـان شـێوە گۆڕانـی کولتوورییـش لەخـۆوە ڕوونـادات، پێویسـتی بـە مرۆڤـی بیرکـەرەوە هەیـە، مـرۆڤ و کولتـوور لەگـەڵ یەکتـردا لـە پێوەندییەکـی ڕاسـتەوانەدان. کولتوورسـازی، یـان پیشەسـازیی کولتـوور بەرهەمـی مرۆڤـە. وەک چـۆن کولتـوور چوارچێـوە بـۆ مـرۆڤ دادەڕێژێت، ئاوەهـاش مـرۆڤ دەتوانێـت دەسـتکاری کولتـوور بـکات.

کولتـوور چییـە جگـە لـە گشـتی کردنـەوەی تێڕوانینێکـی دیاریکـراو و پەیڕەوکردنـی لەلایـەن تاکەکانـی کۆمەڵگـەوە. لێـرەوە هـەر ڕەخنـە و ستایشـێک لـە ڕەفتـاری مـرۆڤ ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ دەبێتـە ڕەخنەگرتـن لـە کولتـوور.

ڕۆمانـی (کچانـی پێدەشـت- بنـات البراري) (٤) ڕۆمانێکـە سـەرلەبەر ڕەخنـە لـە کولتـوور دەگرێت، کولتـووری توندوتیـژی و ژنکـوژی، بـە بیانـووی شـەرەفەوە.

کارەکتـەری سـوڵتانە، عاشـقی ئیبراهیـم دەبێـت و سـکی لێـی پڕدەبێـت، بـۆ سـڕینەوەی ئـاوی ڕوو، شـەریفی بـاوک سـوڵتانە دەکوژێـت. بـە کوشـتنی سـوڵتانە، ڕووداو کۆتایـی پـێ نایـەت، بەڵکـوو شـار بەتـەواوی بەرنەفـرەت دەکەوێـت، نەفرەتـی سـوور بـوون. خوێنـی ڕژاوی سـوڵتانە دەبێـت بـە نەفرەتێـک بـە گەردنـی هەمووانـەوە، بـە گەردنـی هەمـوو گوندەکـەوە، نـا، لـەوەش زیاتـر دەبێـت بـە گەردنـی سروشتیشـەوە. لـە ڕۆژی سـەربڕینی سـوڵتانەوە، هەمـوو شـتێک ڕەنگـی خوێـن دەگرێـت، خانـوو، دیـوار، درەخـت، پشـیلە و کەروێشـک و ئاژەڵەکانیـش، ڕەنگیـان سـوور دەبێـت، سـەوزە و میـوەکان، یاسـەمین و چنـارەکان سووردەبن، منـداڵ لـە دایـک دەبێـت و ددانیـان سـوورە .خەڵکـی گونـد جگـە لـە ڕەنگـی سـوور، چاویـان هیـچ ڕەنگێکـی تـر نابینێـت، سـووربوونی ئـەم گونـدە دەبێتـە بابەتـی ڕۆژنامـە و گەشـتیاران لـە تـەواوی وڵاتـەوە دێـن بـۆ بینینـی گوندەکـە. دەیـان ئەفسـانەی جیـاواز دەدرێتـە پـاڵ سـووربوونی گوندەکـە، تەنانـەت سـوور بـوون دەبێتـە بەشـێک لـە فەرهەنگـی زمانیـان، کاتێـک کـە دوو کـەس پێوەندییـان تێـک دەچێـت، لەبـری جنێـو وشـەی سـوور بەرانبـەر بەیەکتـر بـە کاردەهێنـن، بـەر سـوور کەویـت. ئـەم نەفرەتـەی بەرگونـد دەکەوێـت چەنـد سـاڵێک دەخایەنێـت.

ئـەو منداڵـەی سـوڵتانە کـە لـە (برایم)ـە، برایم بەخێـوی دەکات و گـەورە دەبێـت، وردە وردە ڕەنگـی گونـد دەگۆڕێـت، ڕەنگـی سوردەگۆڕێت بـۆ پرتەقاڵـی، بـۆ زەرد، بـۆ شـین، خەڵکـی گونـد ئاهەنگـی شـادی دەگێـڕن.

ئـەو کچـەی لـە سـوڵتانە بەجێمـاو، برایـم بەخێـوی کـرد، عاشـقی حەمـزە دەبێـت، حەمـزە سێکسـی لەگـەڵ دەکات، دووبـارە ڕەنگـی گونـد تێـک دەچێـت، هەمـوو ڕەنگەکانی تـر کاڵ دەبنەوە و ڕەنگـی سـووری تـۆخ زاڵ دەبێـت بەسـەر هەمـوو شـتێکدا. خوێـن گوندەکـە ڕادەماڵێـت.

برایمـی بـاوک «ڕەیحانـە» دەبـات و لەسـەر گۆڕەکـەی سـوڵتانە، بـە چەقۆیـەک، سـەری

دەبڕێت، هەرچەندە ڕەیحانە دەپارێتەوە کە باوکە ئەوکارە نەکات، وەک چۆن سوڵتانە کاتی خۆی لە شەریفی باوک پاڕایەوە سەری نەبڕێت، هەر سەری بڕی، بە هەمان شێوە برایمیش چەقۆیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و ڕەیحانەی سەربڕی.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ڕۆماننووس دەیەوێت بڵێت: کچان، هەمان چارەنووسی دایکیان هەیە و هیچ گۆڕانێکی کولتووری ڕووی نەداوە. برایم کە خۆی قوربانییە و مەعشووقەکەی سەربڕا، ئێستا بووەتەوە بە جەللاد و کچەکەی خۆی لەسەر عەشق سەر دەبڕێت. هەڵبژاردنی ناوی برایم بۆ کارەکتەرێکی پیاو لێرەدا، مەبەست لێی دووبارە ئامادەکردنەوەی ڕەهەندی ڕەمزی و ئایینی چیرۆکێکە لە مێژوودا. چیرۆکێک کە تا ئێستا درێژەی هەیە و پێناچێت ببڕێتەوە. مەبەست لەناونانی برایم، لێدانە لە بنیادی کولتووری توندوتیژی.

بەرپرسیارکردنی ئایین لە چەوساندنەوەی ژن و درێژەدان بە کولتووری توندوتیژیی.

ئیبراهیمێک لە ڕابوردوودا چەقۆی خستە سەر گەردنی ئیسماعیل، ئیبراهمێک ئێستا چەقۆ دەخاتە سەر گەردنی کچەکەی. ئامادەبوونی ئیبراهیم ئێستا ئاماژەیە بۆ زیندوومانەوەی دەسەڵاتی کولتووری باوک.

جیهان هێشتا نێرینەیە، هزر، فەلسەفە، سیاسەت، هەموو شتێک نێرینەیە، چونکە جیهانی بنیادنراو بە ویستێکی نێرانەوە بنیاد نراوە، هەربۆیەشە گێڕەرەوە دەڵێت: (پێویستە ئەم دنیایە تێک بدرێت و بە ڕوانگەیەکی مێینانەوە دروست بکرێتەوە)، واتە کۆتایی بە کولتووری نێرینە بهێنرێت و لە بریتیدا کولتووری ژنانە باڵادەست ببێت. خەوشی ئەم گوتارە لەوێدایە کە دەیەوێت جارێکی تر مێژوو بەڕەگەزیی بکرێتەوە، نەک مرۆڤانە بێتەوە، ئەو بەهایانەی ئێستا هەن بەهاگەلێکی ڕەگەزین و نێرینەییانەن و ئەو زمانەی کە ئێستا هەیە، زمانێکی نێرینانەیە و مێژوو گیرۆدەیی زاڵبوونی ڕەگەزی نێرینەییە. بە ڕەگەزییکردنەوەی دنیا، دنیا ناکات بە بەهەشت، بەڵکوو داهێنانی زمانێکی مرۆڤانەتر، داهێنانی ڕوانگەیەکی ژیاندۆستانەتر، ئەو ئەگەرەمان پێ دەبەخشێت، مرۆڤ کەمێک بە شکۆوە بژێت. لەناو ئەو سیستەمەدا کە هەڵگری کۆمەڵێک بەهای نێرینەییە، نێرینەش بووەتەوە بە قوربانی، چونکە ئەوە مرۆڤی نێر نییە بڕیار دەدات، بەڵکوو بەهاگەلێکن ئەمی نێر دەستی لە خوڵقاندنیاندا نەبووە و بەبێ ویستی خۆی پەیڕەوییان لێ دەکات.

بۆچی کولتوور تاوانبارە؟ کاتێک ئیبراهیم ڕەیحانە دەکوژێت و خۆیشی لە حەسرەتدا دەمرێت، لە گۆڕەکەدا بە سوڵتانە دەڵێت (من نەمکوشت، ئەوە ئەوان بوون دەستی منیان گرت و ئەویان پێکوشت، ئەوان لەناو سەرمدان)، کەواتە ئەوەی لەم ڕۆمانەدا تاوانبارە، کولتوورە، نەک پیاو وەک مرۆڤ. ڕوانگەی ژیاندۆستی ئەوەیە کولتوور دادگایی بکرێت، نەک پیاو، چونکە پیاو و ژن هەردووکیان لەناو هەمان کولتووری (ژن/ ژیان) کوژیدان.

ئەم ڕۆمانە، سەرەڕای بەهێزیی فەلسەفە ژیاندۆستییەکەی، نەتوانراوە هەتا کۆتا، بە هەمان تەکنیکی واقیعی سیحری بەردەوام بێت، بەڵکوو گێڕانەوە زۆر سادە دەبێتەوە، دەکرا لەو جێگایەی برایم لە گۆڕدا بە سوڵتانە دەڵێت: (من نەمکوشت ئەوە ئەوان بوون دەستی منیان درێژکرد بۆ ئەو، ئەوان لەناو سەرمدان) ئا لێرە فەلسەفەی پشت نووسینی ئەم ڕۆمانە،

گەیشتووەتە لووتکەی خۆی، چونکە نووسەر هەوڵی داوە کولتوور بەرپرسیار لە ژنکوشتن بکات، نەک تاکەکەس، ئەمە دەرچوونە لە ڕوانگەی باو بۆ پرسی ژن و ئازادی، بەڵام کولتوور هەژموونی خۆی بەسەر نووسەردا دەسەپێنێت، ئەمەش لە دوو بەشی کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت؛ هەرچی دوو بەشی کۆتاییە، زیانی لە ڕۆمانەکە داوە، لە ڕووی گێڕانەوەوە زۆر سادە بووەتەوە. لە واقیعی سیحرییەوە دەبێتەوە بە ڕۆمانێکی تەواو واقیعی و لە بری فەلسەفە ژیاندۆستییەکە، ئەدەبیاتی ڕێکخراوەکانی ژنان تێیدا تۆخ دەبنەوە. کە زۆر جار لەسەر دێواندنی پیاو کار دەکەن، بێ ئاگا لەوەی کە پیاویش لە ناو هەمان سیستمی کولتووریدا دەچەوسێنرێتەوە، کە ژن دەچەوسێنێتەوە. دەکرا بەهەمان تەکنیکی واقیعی سیحری بابەتەکە چارەسەر بکرایە. ئەو دیدە باڵادەستەی پێی وایە هەزاران ساڵە ڕەگەزی پیاو ڕەگەزی ژن دەچەوسێنێتەوە، پیاو باڵاترە لە ژن؛ بووە بە ڕوانگەیەکی کولتووری. گوتار و دەنگی زاڵی ئەم ڕۆمانە، لەبری ئەوەی گوتارێکی ژیاندۆستی بێت، لەبری ئەوەی زمانێکی ژیاندۆستانە بەرهەم بهێنێت، گوتاری ڕەگەزیی و زمانی ڕەگەزیی بەرهەم دەهێنێتەوە. کولتوور لەگەڵ دەقنووسدا دەنووسێت، دەقنووس وزە بەو گوتار و دیدگایانە دەبەخشێت کە لە ئاستی وتراودان و ئەم بۆ ناو نووسین دەیانگوێزێتەوە. کولتوورێک کە لەسەر جیاوازی ڕەگەزیی دروست بوویێت، هەر جیاوازیی ڕەگەزیی بەرهەم هێناوەتەوە. دەقنووس لەجەبری کولتوور ڕزگاری نەبووە و بۆ ڕزگاربوون لە ستەمی کولتوور و کولتووریی، پێویستە یەکەم جار ڕوانگەمان بۆ کولتوور و بەهاکانی بگۆڕین، ئەگینا وەک دەقنووسی ڕۆمانی (کچانی پێدەشت) هەمان ئەو گوتارە بەرهەم دەهێنینەوە کە تەمەنی چەوساندنەوەی ڕەگەزی درێژ و درێژتر دەکاتەوە.

**پەراوێز:**

١ - نیکۆس کازانتزاکی، وەرگێڕانی ڕەئوف حەسەن، سۆفیگەری، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٥، ل٣٩.

٢ - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣ - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤ - بنات البراري، مهى حسن، ط١، ٢٠١١ز.